# میدیاکانی بەعسیش هەر بەو جۆرەیان دەکرد

## ئەمجەد شاکەلی

لە ژمارە 3645ی ڕۆژی دووشەممەی 2005/4/25دا و لە لاپەڕەی 9 دا و لە ژێر سەردێڕی"کورد و مەسەلەی کورد، کتێبێک بۆ هەموو سەردەمەکان"، جەبار سابیر، گوتارێکی نووسیوە، کە ڕانانی کتێبێکی "دوکتۆر شاکر خەسباک"ە، بە نێوی"کورد و مەسەلەی کورد". ڕانەری کتێبەکە، بە باشی کتێبەکەی خوێندووەتەوە و هەڵیسەنگاندووە و کۆمەڵێک نموونەی لە نووسینەکەی دوکتۆر خەسباک هێناوەتەوە و تەواوی کتێبەکەی دوکتۆر خەسباکی پێ کارێکی چاک و زانستییە و باسی وێژدان و ڕاستگۆیی دوکتۆر خەسباک دەکات و کۆڵێک پەسنی کتێبەکە دەدات. ئەوەی جێی سەرسووڕمانە و بەلای مرۆڤەوە سەیرە، جەبار سابیری ڕانەری ئەو کتێبە وا باس لەو کتێبە دەکات، وەک بڵێی هەر لە ئەسڵدا دوکتۆر خەسباک بە کوردی نووسیبێتی و بە هیچ جۆرێک بەلای ئەوەدا ناچێت، کە ئەو کتێبە لە عەرەبییەوە کراوەتە کوردی و بە هیچ جۆرێک ناوێ ئەوەی کردوویەتی بە کوردی نەهێناوە و تەنانەت ناوی ئەو پەخشخانەیەشی نەبردووە، کە کتێبەکەی چاپ کردووە. ئەو کتێبە من(ئەمجەد شاکەلی) بۆ خۆم کردوومەتە کوردی و ساڵی 1997، لە سوێد و لە لایەن "بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ"ەوە بۆ یەکەم جار چاپ کراوە. چاپی دووەمیشی وا ئەمساڵ و لە لایەن پەخشخانەی"ئاراس"ەوە لە هەولێر کراوە، کە من بۆ خۆم هێشتا نەمدیوە. لە هیچ جێیەکی ئەم جیهانە وەها کارێک ناکرێت، کە وا بە ڕۆژی نیوەڕۆ و بە ئاشکرا، باس لە کتێبێکی وەرگێڕدراو بکرێت، بێ ئەوەی نێوی وەرگێڕەکە ببرێت و باسێکی زمانی وەرگێڕانەکەی بکرێت و نێوی دەسگای بڵاوکردنەوەی کتێبەکە ببرێت!. وەها کارێک مەگەر تەنێ لە کوردستانێکدا ڕوو بدات، کە لێوانلێوە لە دیموکراتی! وەها کارێک لە پێڕۆکردن و دووبارەکردنەوە و لاساییکردنەوەی سیاسەتی بەعس زیاتر شتێکی دیکە نییە، چونکە میدیاکانی بەعسیش هەر بەو شێوەیەیان دەکرد.

2005/4/25

کوردستانی نوێ
ساڵی چواردەهەم-ژمارە (3654) دووشەممە 2005/4/25
No: 3654 Monday 25/4/2005

# کوردو مەسەلەی کورد

## کتێبێك بۆهەموو سەردەمەکان

**دەبێت مامەڵەکردنی دانیشتوانی یەك وڵات بەجیاوازیی نەتەوەکانیشیەوە مامەڵەیەکی یەکسان بێت**

**جەبار سابیر**

دوای نزیکەی چل ساڵ لەدەسەڵاتی رەشی رژێمی پاشایەتی لەعێراق لەبەرامبەر کورددا و لەبەرئەنجامی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ساڵی (1958)دا پیاوێکی رووناکبیری عەرەب، ویژدان زیندویەکی ناوهەزاران ویژدان مردو هاتەدەنگ و جاڕی سەربەخۆیی کوردی بەدنیای عەرەبی و ناوچەکەداداو تێی گەیاندن کەکوردیش وەك ئەوان ئینسانەو مافی ژیانێکی هاوشێوەی ژیانی ئەوانی هەیە.

ئەو پیاوە دکتۆر شاکر خەسباکە کەبووە قوربانی هەڵوێستە مرۆڤدۆست و کورد دۆستانەکەی خۆی و بەدەستی بەعس کوژرا، ئەو سەروبەندەی خەسباك ئەم کتێبەی تێدانوسیوە هەمان سەردەمی ئێستایەو، ئەوساش دوای نزیکەی چل ساڵ لەدەسەڵاتی دەوڵەتی پاشایەتی، عێراق دەیەوێ بگەڕێتەوە کۆمەڵی نێودەوڵەتی و سەرپێی خۆی کەوێتەوە، نوێنەری تەواوی پێکهاتەو ئەدیانەکانی گەلانی عێراق لەدەوری یەك مەبەست کۆببونەوەو دەیانویست وڵاتێك بنیات بنێن لەئاست خواستەکانیاندا بێت و بۆ هەموان بێت، وەك چۆن ئێستا ئەوەدەکەن. بەڵام ئەوکات نەتەوەپەرستانی عەرەب لێنەگەڕان ئەو هەوڵەی خەڵکی عێراق بێتە بەرهەم و عێراقیان لەخوێندا شەلاڵکردوو تائێستاش هەربەهۆی ئەوانەوە خوێن لەجەستەی خەڵکی عێراق دەڕوات و ئەو باندە مرۆڤ سەربڕانەش هەر بەکرێگیراوی ئەوانن و بەوپارەیەی ئەوان لەخەڵکی عێراقیان دەدزی تەقەمەنی دەکڕن و بەخەڵکی سادەو سڤیلدا دەیتەقێننەوە.

بۆیەکەمجار لەمێژوودا لەسەردەستی سوڵتان سنجاری سەلجووقی و لەسەدەی دوازدەیەمی زایینیدا زاراوەی کوردستان هاتە ناو فەرهەنگی ناوچەکەوەو دواتریش (حەمدوڵا مستەوفی القزوینی) لەکتێبی (نزهە القلوب) لە(740)ی کۆچیدا هەمان وشەی کوردستانی بەکاربردووەو تابەئەمڕۆ دەگات کەتەواو ئەوە سەلماوە وڵاتێك هەیە ناوی کوردستانەو دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەتدا، وەك (واسیلی نیکیتین) گەڕیدەی رووس دەڵێت لەهەرکوێ چیا دەستی پێکرد ئیتر کوردستانەو کوردو چیا لێك جیانابنەوە. بۆیە نوسەر دەیەوێ ئەوەبڵێ کەبۆ لەم سەردەمەدا کورد بوون و ناوی کوردستان یاساغ بێت و حکومەتەکان خۆیانی لێبدزنەوە ئەم هەوڵەی خەسباك بۆ زیاتر نزیك بوونەوەیە لەکوردو مەسەلە رەواکەی، خەسباك ئەوەی بینیوە کەبەدرێژایی ماوەی حوکمڕانی رژێمی پادشایی عەرەب لەعێراقدا کورد خوێن لەجەستەی رۆییوەو پادشای عێراق نەیتوانیوە داوا سادەو ساکارەکانی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا بەجێبێنێت، خەسباك ئاگای لەوەشە کەلەدەمی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا فەیسەڵ بەڵێنی دابوو بەوەستایانی دەوڵەتەکە کەمافی کورد بدات و داوا سەرەتاییەکانیان نەخاتەلاوە.

بەڵام وەك خەسباك دەڵێ رژێمی پادشایی نەیتوانی مافی کورد بدات ژیانێکی ئازادانە بۆ هەموو گەلی عێراق دابین بکات. خەسباك بەر لەنوسینی ئەم کتێبە گەڕاوە هەرچی سەرچاوەیەك لەسەر کوردە دەستی خستووەو بەهەمووی سوودی زیاتر لە(100)سەد سەرچاوەی عەرەبی و بیانی وەرگرتووە تا پاساوەکانی لەمەڕ بەرگریکردن لەکورد بێبنەمانەبن و بتوانێت بەبەڵگەو دۆکۆمێنتی مێژوویی قسەکانی بسەلمێنی و ببێتە دۆستێکی بەویژدانی نەتەوەی کورد. سەرەتای کتێبەکە بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە دێرینەکانی ناوچەکەو دەستنووسی گەڕیدە خۆرئاواییەکاندا گەڕاوەتەوەو نەتەوەی کوردو خاکی کوردستانی وەك ئەوەی کەهەیە خستۆتە ناوچوارچێوەیەکی مێژوویی و سیاسییەوەو بواری خۆگێلکردنی بۆ هیچ رژێمێکی ناوچەکە بەتایبەت رژێمی تازەی عێراق کەحکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمە و دەیەوێت پێیان بڵێت هەموو خۆگێلکردنێك لەکوردو مەسەلە رەواکەی باجەکەی زۆر لەسەرمان دەکەوێت و هەرگیز سەرپێی خۆمان ناکەوین. کارتێکی ئاگارکردنەوەی حکومەتی نوێی عیراقە لەو سەردەمەدا تابەوریایی و بەچاوێکی کراوەوەو دوور لەهەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی شۆڤێنیانە لەکورد بڕوانێت بۆئەوەی بەهەموو لایەك رێگە لەدووبارەبوونەوەی خوێنڕشتن بگرن.

بەنێو ماراش(یا ماراس)دا بەرەو حەڵەب دەڕواو بەرەو رۆژئاواش بەلاپاڵی چیاکاندا درێژدەبێتەوە تاڕووباری دیجلەو پاشان بەرەو رۆژهەڵاتی ئاوەڕۆی رووباری دیجلە دەڕواو کەمێك لەباکوری کێوەکانی حەمرینەوە دەکشێت تادەگاتە کەوشەنی عێراق ـ ئێران لە نێزیکی مەندەلی".

پشت بەستن بەم بەڵگە مێژووییانەو ساغکردنەوەیان بۆئەو سەردەمەو لەسەردەستی پیاوێکی عەرەب جێگەی رێزە بۆئێمەی کوردو بوێرییەکەی لەوەدایە کەئەوکات کورد خۆیشی ئەوەندە بەدوای شتەکاندا نەگەڕاوەو نەشی وێراوە، کەچی عەرەبێك دێت و زۆر ئازایانە شتەکان بەبەڵگەوە ساغدەکاتەوە. دواتر باسی ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی گەورە دەکات و لەوێشدا ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی لکێنراو بەعیراقەوە دەخاتەڕوو بەعەرەبەکان دەڵێت نارەوایە نەتەوەیەك بەو ژمارە زۆرەوە کەنارگیربکرێت و سەروەت و سامانیان لەخۆیان حەرامبکرێت و وەك کۆیلە لێیان بڕوانین. لێرەشدا دکتۆر پەنای بۆ توێژینەوەکانی ئەدمۆندز لەبواری ئاماری کورددا بردووەو لەناو (شەش) ئاماردا ئەوەی ئەدمۆندز بەدروستترینیان دەزانێت و پشتی پێدەبەستێت. ئەدمۆندز بەم شێوەیە ژمارەی کورد لەکوردستانی گەورەدا دەخاتەڕوو، لەتورکیا (2000000) ملیۆن، لەعیراق (500000) نیو ملیۆن، لەئێران (700000) حەوت سەد هەزار، بەمجۆرە وەك ئەدمۆندز ساغیکردۆتەوە لەسەروبەندی دروستکردنی دەوڵەتی عیراقدا کورد

**شاکر خەسباك زۆر بەجورئەتەوە باس لەکوردستانی بوونی خاکی کەرکوك دەکات ، ئەو دەڵێت:**

**لەڕووی دانیشتوانەوە کەرکوك عەرەب و نەتەوەکانی تری لێیە، دەنا وەك خاك هەر کوردستانە**

لەبەشێکی تری لێکۆڵینەوەکەیدا باس لەجوگرافیای کوردستان دەکات و بۆچوونی کۆمەڵێك گەڕیدەو جوگرافیناسی بیانی وەرگرتوەو زیاتر پشتی بەبۆچوون و ساغکردنەوەکانی ئەدمۆندزی حاکمی سیاسی ئینگلیز لەناوچەکەدا بەستووەو خەسباك دەڵێ (زۆر نوسەریش سنوورەکانی کوردستانیان دیاری کردووەو لەهەموشیان روونتر دیاریکردنەکەی ئەدمۆندزە کەبەم شێوەیەی خوارەوە باسی دەکات.) "سنورەکانی لەباکورەوە بەو هێڵەدا دەڕۆن کەلەئەریڤان و ئەرزەڕۆم و ئازەربایجاندا درێژەی هەیەو پاشان وەك کەوانەیەك

ژمارەیان(500000) نیو ملیۆن کەس بووە لەم پارچەیەی کوردستاندا. لێرەدا دەبێت ئەو پرسیارە بکەین کەبۆچی خەسباك لەناو هەموو ئەو سەرچاوانەدا بەتەنیا پشتی بەئەدمۆندز بەستووە؟ دیارە تەنیا لەبەر وردبینی و راستگۆیی و کارامەیی خودی ئەدمۆندزەو پێشی وابووە ئەو پیاوە بیانییە زۆر لەنووسەر و مێژوونووسانی عەرەب و تورك و فارس بەویژدانترە لەئاست مەسەلە سیاسی و ئینسانییەکانداو خەمخۆرێکی گەورەی کوردیشە.

لەبەشێکی تری لێکۆڵینەوەکەیدا باسێکی خێراو چڕوپڕ لەسەر شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کورد لەمێژووی کۆندا تا سەرەتای سەدەی بیست دەخاتەڕوو ئاماژەی ئەوەدەداتە دەوڵەتانی ناوچەکە کەبەدرێژایی ئەو سەردەمە تاریك و پڕ دڕندەییە کورد چۆکی بۆ دوژمن دانەداوەو پێشناچێت بۆئێوەی دابات، دواتر گوزەرێکی خێرا دەکات بەناو ئەو شۆڕشانەدا لەسەردەمی نوێدا واتا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا کورد لەدژی داگیرکارانی تورك و عەرەب و فارس هەڵیگیرساندووە بۆ وەرگرتنی مافە زەوتکراوو پێشێلکراوەکانی و زۆر بێلایەنانەو بەچاوی مێژوونووسێکی ئەکادیمییەوە ساغکردنەوەکانی تۆمارکردووەو خۆشی بەلایەنێك لەمەسەلەکە زانیوەو وەك عەرەبێکی خەمخۆر بۆسەلامەتی نەتەوەکەی خۆیی و نەتەوەی کورد قسە لەمەسەلەکان دەکات.

یەکێك لەبەشەگرنگەکانی ئەم کتێبە ئەو بەشەیەتی کەباس لەکوردستانی لکێنراو بەعیراقەوە دەکات، لێرەدا زۆر بەجورئەتەوە باس لەکوردستانی بوونی خاکی کەرکوك دەکرێت و تەنیا ئەوە دەڵێ کە لەڕووی دانیشتوانەوە کەرکوك و موسڵ عەرەب و نەتەوەکانی تری لێیە دەنا وەك خاك هەر کوردستانە. ئەو لەسەرەتای وتارکەیدا دەڵێ: کوردستانی عیراق بریتییە لەچوار پارێزگە ئەوانیش موسڵ، هەولێر، سلێمانی و کەرکوك هەروەها بەنێو پارێزگای دیالەشدا درێژەی هەیەو ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی دەگرێتەوە و ئەو پارێزگایانەش بەشی باکوری رۆژهەڵات پێکدێنن. نوسەر پێی وایە ئەو عەرەبانەی لەدەشتاییەکانی موسڵ و کەرکوکدا دەژین کۆچەرین و خاوەنانی خاکەکە کوردەکانن، دواتریش بەخشتەیەك رێژەی کورد لەپارێزگایانەدا دەخاتەڕوو:

| پارێزگا | رێژەی سەدی |
| --- | --- |
| سلێمانی | ٪100 |
| هەولێر | ٪91 |
| کەرکوك | ٪55.2 |
| موسڵ | ٪35 |

ئەمە ئاماری ئەوکاتەی دانیشتوانی کوردە لەکوردستانی لکێنراو بەعێراقەوە، بەڵام دواتر رژێمی پادشایی و کۆماریخوازەکانی دوای ئەویش بەنۆرەی خۆیان قینی شۆڤێنیستیانەی خۆیان بەسەر کورددا رشت و باری دیمۆگرافی ئەو شارانەیان گۆڕی و ژمارەی دانیشتوانی کوردیان کەمکردەوەو عەرەبیان زیادکرد. بۆیە دەکرێت ئەم کتێبە وەك یەکێك لەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی مێژوو ببینین . هەر لەم بەشەدا باسی سامانی کشتوکاڵی عیراق دەکات و پێشانی دەدات و کەنزیکەی لەسەداسەدی دانەوێڵەو زۆریتریش لەکوردستاندایە، ئەمە جگە لەوەی نەوتی عیراق زۆربەی لەکێڵگە نەوتییەکانی کەرکوك و خانەقین دایە، هەروەها زۆر کانزای تری وەك ئاسن و فافۆن و....هتد.. لەکوردستاندا هەن، بەڵام وەك نووسەر دەڵێ کرێی تێچوونی لەئێستادا لەفرۆشتنەکەی زۆرترە.

لەبەشێکی تری نووسینەکەیدا باس لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی دەکات و پێی وایە هاوشێوەی کۆمەڵگەی عەرەبییەو دابەشدەبێت بەسەر دووبەشدا ئەوانیش خێڵەکییەکان و ناخێڵەکییەکانن، خێڵەکییەکان ئەوانەن کەبەردەوام بەپێی گۆڕانی کەژی ساڵ لەهاتووچۆدان و لەشوێنێك جێگیرنابن، ناخێڵەکییەکانیش ئەوانەن کەبەشێوەیەکی هەمیشەی لەگوندەکاندا دەژین و بوونەتە کارمەندی حکومەت و لەڕێگەی موختارێکەوە کاروبارەکانیان دەکەن و دەستیان لەژیانی کۆچەری هەڵگرتووە و دواتر دەکشێن بەرەو شارەکان.

لەبەشێکی تری لێکۆڵیەنوەکەیدا باسی کەسێتی کوردی دەکات و پێی وایە ئەم کەسێتییە توشی شێوانی بەئەنقەست بووەو نەیتوانیوە بکەوێتە سەرخۆیی و وەك هەر کەسێتییەکی تری نەتەوەکانی ناوچەکە سوود لەدەرفەتە مێژووییەکان وەرگرێت، ئەمەش لای دکتۆر خەسباك سووچی دوژمنەکانییەتی و ئەوان نەیان هێشتووە کورد ببێتە خاوەنی خاك و ئاوو وڵاتی خۆی.. دکتۆر خەسباك دەڵێ "بێگومان تاکی کورد لەدەرێی کوردستان سەربازێکی نەناسراوو چەوساوەیە. ناوباونگیشی چ لەلایەن هاوسێکانییەوەو چ لەلایەن خۆرئاواییەکانەوە لەشێواندن رزگاری نەبووە. دەکری ئەم دوژمنایەتییەی نێوان کوردو هاوسێکانیان بەشێوەیەکی جوگرافی لێکبدەینەوە". لێرەدا خەسباك نمونەیەك لە مستەر ریچی گەڕیدە وەردەگرێت کەدەڵێ "کورد خەڵکێکی ناسك و کۆمەڵایەتین و واتەی گەورەیی و لوتبەرزی بەتاڵ نازانن و ئیرەیی بەیەکدی نابەن" بەردەوام دەبێت و دەڵێ "نەشم بیستووە کوردێك سوکایەتی بەدوژمنێکی بکات رادەی دوژمنایەتییان هەر چۆنێك بووبێت". ئیتر بەم شێوە بیر بۆچوونی دەیان گەشتیارو گەڕیدەی خۆرئاوایی بەنمونە لەسەر کەسێتی تاکی کوردی هێناوەتەوە بۆئەوەی بیسەلمێنی کەخەڵکی کورد ئەو وێنە ناشیرنەی نییە کەدراوسێ داگیرکەرەکانی بۆیان کێشاوە.

دوابەشی لێکۆڵینەوەکەی خەسباك بۆ پەیوەندی کورد و عەرەب تەرخانەو لەوێدا بەڕاشکاوی باس لەپەیوەندی دێرینەی کوردو عەرەب دەکات و گەڕاوەتەوە بۆسەدەی هەژدەی کۆچی بۆساغکردنەوەی پەیوەندی کوردو عەرەب. لێرەدا دکتۆر دەیەوی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نوێ بۆ عیراق بێنێتە گۆڕی و لەو پەیمانەدا کوردو عەرەب بکاتەوە دۆستەکەی بەرلەداهاتنی دەوڵەتانی ناوچەکە. ئەو دەیەوی ئامۆژگاری عەرەبی عێراق و دەسەڵاتدارانی عێراق بکات بۆئەوەی رێز لەکودرو مافەکانی بگرن و هەڵەکانی پێشتر دووبارە نەکەنەوە، چونکە هەر جۆرە پێشێلکردنی مافێکی کورد کار دەکاتە سەر داهاتووی هەردوو نەتەوەو عەرەبیش هێندەی کورد زەرەرمەند دەبێت. کەبەداخەوە عەرەبەکان و دەسەڵاتدارانی عەرەبی عیراق گوێیان بەگۆتەو ئامۆژگارییەکانی خەسباك نەداو پێش ناچێت دەرس لەهیچ یەکی لەو هەڵە مێژوویی و ماڵوێرانکەرانە وەربگرن. دەسەڵاتە رەشەکانی دوای خەسباك کوردیان گەیاندە لێواری لەناوچوون و سەرەنجام خۆشیان بوونە پەندی زەمانە. هەموو ئەوانە چوونە زبڵدانی مێژووەوەو ئیتر وەك سەردەمی دکتۆر خەسباك بەهیوای رۆژێکی نوێن و دەمانەوی لەم عیراقەدا بژین کەبەزۆریش نابێتە شوێنی ژیانی ئێمەو ئەوانیش.

بۆیە خوێندنەوەی ئەم کتێبەی خەسباك بۆ ئەمڕۆو ئەم قۆناغە مێژوویە کارێکی پێویستە، بەتایبەت بۆ بەر دیدەی عەرەبی عیراقی و دەسەڵاتدارانی لەمەو دوای عیراق. هەرچەند ئێستا سەرۆکی عیراق بەڕێز (مام جەلال)ە و عەرەبی عیراقیش رەنگە نەتوانن وەك جاری جاران بمانچەوسێننەوە. بەڵام تێگەیشتنی ئەم لێکۆڵینەوەیەی خەسباك لەلایەن عەرەبەوە، مانای بەڵێنێکی ئاشتەوایی هەتاهەتاییە لەگەڵ کورداو ئیتر ئێمەو ئەوانیش پشوو دەدەین.

